کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-12-2007 1:02

**ئازادی و سنوورەکانی جوانی ... م. حەمید عەزیز**

ئازادی وواتای بەهاو هەستە جوانەکانە کە مرۆڤایەتی نامۆ ناکات بەژیان چونکە ژیانی بندەستی و کۆیلایەتی وواتای ژیان دەمرێنێ و هیچ تروسکایی یەک ناهێڵێتەوە کە مرۆڤ باسی شیتەڵ کردن و گفتووگۆی ژیانی خۆی لەسەربکات. هەستی ژیان و سەربەستی دان بە بوونەوەران و بەتایبەت مرۆڤ هەستێکی مەزنە لە هزرو هەناوی ئەو مرۆڤانە خۆیانداو و ئەوانە بەوواتای ژیانەوە هاتوون و کەسی نەمرن، ئەوانەیشی کەخۆیان ئازادن بەختەوەرن و ئەوانەی داوای ئازادی و سەربەستی ژیان دەکەن بۆ هەموو بوونەوەران ئەوانەن سەرتۆپکی مرۆڤایەتی و شتێ یان ئەندازەیەک هۆشمەندبوون بەژیانی سادەی مرۆڤایەتی و ئاگادارن لەڕەووتی سەغڵەتی و نائارامی بوون و کێشەکانی دەنا ژیان هیچ وواتایەکی نابێت ئەگەر هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوە. ئەو مرۆڤە مەزنانەی کەخوێنی خۆیان خستەسەردەست و پێشکەشی تاکرەووەکانی دنیای دەسەڵاتیان کرد بۆ سەربەستی گەل و نیشتمانیان ئەو مرۆڤانە لەدنیای سۆزو گەورەییدا نەمرن هەمیشە زیندوون و شۆڕشێکن دژ بە ئازاردان و کوشتنی سبەینێی باشترو داپڵۆسینی خەونە جوانەکانی ئادەمیزاد. ئازادی وواتای بەختەوەری هەناسەکانی ڕۆحی بوونەوەرە لەیەکەم چرکەی هەست بەبوون کردنی حەزەکانی خۆی وەکو چۆن عەشقێکی دیلی خاک تینووی بارانی پەڵە هەوری ئازادی یە و ئامادەیە بژی و بمرێ بۆ ئەو هەناسەی خۆشبەختی و ڕزگاربوونە. مرۆڤیش کە فێری وواتاکانی ئازادی بوو نرخی گەورەیی مرۆڤبوونیی خۆی دەدۆزێتەوە بۆیە هەمیشە لەنیشتمانە کەلەپچەکراووەکاندا کۆمەڵێ سەربەستی خوازو مرۆڤ دۆست خەبات دەکەن لەپێناوی کردنەوەی ئەو دەم و دەست بەسراوانەی کەهاواری ژیان دەکەن. ئازادی ڕۆح شادبوونە بەژیان و بەردەوامی خۆشەویستی کردنە لەگەڵ مرۆڤایەتی و دەووروبەردا چونکە بێ خۆشەویستی و ئازادی لەخۆشەویستی ژیان هیچ وواتایەکی نی یە. ژیان و بوون و مرۆڤایەتی بەگشتی بەبێ ئازادی شەختەو ڕەق بوونەوەی پیت و ووشەو دێڕەکانی کتێبخانەی خۆشەویستی و ژیانە. دەتوانین بڵێین ئازادی هەموو کردارە جوانەکانە کە وواتا بەخشە بە ژیان و بوون. سنوریش هۆش و بیرە دەبێتە پالیس و چیغی ئەو تابلۆیەی کە ماڵە گەورەکەی ئازادی تیا نەخشێنراوە بۆیە خەڵکانی ئازادیخوازو ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ خوێن دەدەن و ئازادی دەکڕن بەخوێنی دڵی خۆیان ژیان و بوون دەکڕن نەک خوێنی خەڵکیتر بکەن بە پردو بەسەریدا پلەوپایە مسۆگەر بکەن وەکو زۆربەی دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دنیا دەیکەن. کورد ئەڵێ: کێ ئەیکاو کێ دەیخوا. ؟. زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان پرۆلیتارو جوتیاران و هەژاران بەخوێنی خۆیان بەرپای دەکەن لەپێناو ئازادی و سەربەستی ژیاندا بەڵام بەداخەوە لەئەنجامدا مرۆڤی بێ فەڕ (ئینتیهازی) و سەرمایەدارو کەسایەتی لاواز و ماستاوچی و مامەحەمەکان دەیخوات.

( (ئازادی جوانترین پالیسە بۆ باخەکانی گووڵ و ژیان و بەختەوەری نرخ و گەورەیی و گرنگی دانە بەمرۆڤایەتی وسەعافی جوانترین پەرژینە کەڕێز لەداپۆشین و سنوریش بۆ بێ بەرگی دادەنێ) ) .

ئازادی سنووری نی یە بەڵام بیرمەندانی دژ بە کۆیلایەتی بۆ ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنی ووشەی ئازادی سنوورێک بۆ تێکنەشکاندنی کەسایەتی مرۆڤی ئازادیخواز لە جیهانی ئازادیدا دادەنێن. ئازادی بەهای هەستە جوانەکانە لەو ئایەمانەی (مرۆڤ) لەدنیای سۆزو گەورەییدا نەمرن ئەوانە شۆڕشێکن دژ بە ئازاردان و کوشتنی مرۆڤ و خەونە جوانەکانی ئادەمیزاد. ئایەم بەئازادی لەدایک بووبێ و بەئازادی ژیابێت هەرگیز نامرێ کەواتە ئازادی جیهانی شۆڕش و کتێبێکە بەڕوی کەلەپچەی تاڵی دیلیدا تفەنگێکە بۆ نەهێشتنی بکوژانی دەنگەجوانەکانی دۆستانی ژیان. ئازادی نانە بۆ گووڵە برسی یەکانی مانەوەو هەڵنەوەراندن پاکی و بەرائەتە بۆ دڵۆپی شەونمی بەیانیانی ڕۆحی مەلە ئازادو بێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گوناهەکان. ئازادی لە تەمەنی منداڵی یەوە لەخوێنماندا چەکەرە دەکات بۆیە بەمنداڵی مرۆڤ شەیدای دەرەوەیە چونکە هەموو جوڵەو عەشقە سروشتی یەکانی بەرائەتی تێدا ڕوواوە بەڵام گەورە دڕندەکان و ناحاڵی یەکان بەناوی ئاین و کلتورو شەرەفەوە ئەو ئازادی یە زەوت دەکەن و ئەو هۆرمۆنە سروشتی یەی گیانی مرۆڤ تێک دەدەن و بەروبومێکی کاڵ و کرچ بەرهەم دێنن لەو منداڵەدا هەر بۆیە مامۆستاکانی قوتابخانە بەداردێن بۆ پێشوازی کردن لە قوتابی و پێیان وایە زانیاری و زانستیش بەزۆر دەڕوێنرێ لەکێڵگەی مێشکی مرۆڤدا. مرۆڤ بەئازادی لەدایک بووە بەڵام سیستمە خوارو خێچەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات مافەکانی لێ زەوت کردووە لەپێناوی مانەوەی دەسەڵات خۆی. هەرسەردەمەی بەهۆیەکەوە مرۆڤ چەوساوەتەوەو غەدری بینیووە تەنهاش لەپێناوی کۆمەڵێ خەڵکی کەم و دەسەڵاتدا بووە. دەسەڵاتی بەڕێووەبردنی کوردستانی باشووریش سەردەمیانە ڕەفتار ناکات لەگەڵ خەڵکی خۆیدا کەچی ڕوخانی ئەو هەموو دیکتاتۆرو تاکڕەوانەی جیهان نابێتە وانەو ئامۆژگاری بۆیان و هەر لەبەر خۆیشیان تۆزێ خزمەتی نەتەوەیان بکەن بۆئەوەی میللەتیش دووایی بە فریایان بکەوێت. ڕێزگرتن و نرخاندن لەمرۆڤ بەشێکی هەرە گەورەی بەرهەیوانی ماڵەگەورەی سیستمی ئازادی یە دەستێکیشە لەبینەقاقای کەڵەگاکانی دەسەڵات مسۆگەرکردنی سەفەری خۆشبەختی مرۆڤە. ئەو دەسەڵاتەی کەبۆ نەتەوەی خۆی شێرو پڵنگەو ئازاردانی ڕۆحیش بابەتی قوتابخانە تاریکەکەیەتی و شتی تریش بەڵام لەبەردەم دووژمن دەست بەسنگەوەیە و هەمیشە داوای لێبووردن لە دووژمن دەکات و بۆ گەلی خۆیشی وەک و خودا سەربەرزانە بەلای خەڵکی بێ نان و بەرگی وولاتەکەی پۆس لێدەدات.. بۆیە دەسەڵات هەمیشە ناڕەحەتە بە ووشەی ئازادی و بەهێڵی سوری دادەنێ چونکە ئەو ئازادی یە بەرگ و نانە بۆ هەزارانی مەملەکەت و دڕک و چەقۆیە بۆ چاوی دەسەڵاتی تاکڕەو. ئازادی وواتای تێکنەدان و نەشێواندنی جوانی و ڕاستی یەکانە وەک جوانی بیروباوەڕو جوانی خۆشەویستی و جوانی ئیش کردن و.. هتد.

ئازادی حاڵی بوونە لەگەورەیی و جوانی و نرخی مرۆڤ بۆیە پێویستە لەیەک حاڵی ببین و ڕێز لەبیرو بۆچونی یەکتر بگرین. ئازادی وواتای پابەند بوون و ڕێز گرتنە لە کارە باشەکانی مرۆڤ. کەسیش خۆی نەکا بەکەڵەگا بەسەر یەکێکی ترەوە چونکە خوداوەندی جوانی ئادەمیزادی بەجوانی دروست کردو بە ئازادیش هێنایە ژیانەوە بەڵام مرۆڤەکان خۆیان حەز بەیەک ناکەن و هەمیشە لەدەسەڵاتدا خۆیان بیر دەچێتەوەو پێیان وایە تا دنیا دنیایە نامرن.. بۆیە ئێستا لەڕۆژهەڵاتی ناویندا هەتاوی خەڵکی هەژار هەر تاریکو هەڵنەهاتووە هەمیشە مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە بێ بەشن لەئازادی و ماف و یەکسانی و ژیان. چەند دێڕێکیش بۆ دەسەڵاتە کات بەسەرچووەکەی لەمەڕ خۆمان بنووسین و بڵێین: شانزە ساڵ لەوەو پێش هەڵبژاردنێکتان کرد و ئەنجامەکەیتان پێ هەزم نەکرا کەچی تازە بەتازە کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین و دەنگی ئازاد و ڕاستی سنووردار دەکەن کە ئەوە ترسناکترین زەنگی دیکتاتۆری یەتەو بانگی دوواکەوتن و (جەهالەت) ە. لەوکاتەوە هەتا ئێستا کەتەمەنی دەسەڵاتتان لەکوردستان 16 ساڵە دنیای دیموکرات و پێشکەوتووخواز چوار جار هەڵبژاردنی کردووە چونکە یاسای هەڵبژاردن کە نزیکەی 170 ساڵە ئەمریکا پەیڕەوی دەکات ئەو ئەمریکایەی کە سیستمی نامرۆیی سەرمایەداریشە.. نزیکەی زیاتر لە 150 ساڵیشە ئەوروپا پەیڕەوی دەکات چونکە زۆربەی وولاتانی ئەوروپا سیستمی پاشایەتی بوو دەنا تەمەن و مێژووی ئەوروپا کۆنترە لە ئەمریکا. هەموو چوار ساڵ جارێکیش هەڵبژاردن دەکرێت و میری و سەرۆک و پارلەمان دەگۆڕدرێت باڵام پارلەمانی باشووری کوردستان لەساڵی 1991 ەوە لەدایک بووەو هەتا ئێستا کە ساڵی 2007 ە کاری پێدەکرێت. وەکو پارلەمانەکەمان یاسایی نی یە بڕیاری نایاسایییش دەردەکات و دەمان باتەوە سەردەمی بەعس و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیستمی وولاتانی عارەبی. وەکو چۆن لەبەرواری 2007/12/10 دا بڕیاری سنووردارکردن و سزادانی ڕۆژنامەنووسانی دەرکرد بڕیارێکیش بۆخۆی دەربکات کەپارلەمانێکی نایاسایی یە ئەو هەموو کۆلکە مەلاو ئاغاو نەخوێندەوارەشی کەتێیدایە دەری بکات. هیوادارم دەسەڵاتی باشوور کەناوی خۆی ناوە دەسەڵاتی مۆدێرن و مەدەنی و دیموکرات سەیرێکی وولاتانی مرۆڤ دۆست و پێشکەوتوو بکات و چاوێک بەخۆیدا بخشێنێتەوە چونکە لەباتی ئەوەی دەمی نەتەوەکەی خۆی دابخات و فێری کۆیلەیەتییان بکات هێرشەکانی تورکیاو ئێران تاوانبار بکات و بەرگری لە کورد بکات.

* (سەعاف) پەلکی درێژی دارەخورمایە بۆ سووتان و بۆ پەرژین بەکار دێت کاتێ ووشک دەبێت.

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail.com
Hamid774@yahoo.com
www.hamiid.com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.